# دڵشاد قادر خۆشناو سەرۆکی کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستان: لەتەمەنی منداڵی زۆرجار هەستم بریندارکراوە

**هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان سەبارەت بە ژیان و شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤە کورتەباڵاکان چاوپێکەوتنێکی سازکرد لەگەڵ "دڵشاد قادر خۆشناو" سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان**

ئا: شێرزاد عەبدوڵڵا



ڕێگای کوردستان: بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی کورتەباڵاکان چۆن بوو وساڵی چەند دامەزرا؟

دڵشاد قادر: کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستان یەکێکە لەو سەندیکا و کۆمەڵانەی کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩٠ دوای ئەو ئازادیەی کە لەکوردستان هاتەکایەوە لەسەر دەستی سەرکردایەتی کورد و چەندین سەندیکا وڕێکخراو کەوتنە خۆئامادەکردن وەکو چین وتوێژەکان بۆئەوەی داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، دیارە کۆمەڵەی کورتە باڵاکان ئەو ساتە بە پێویستی زانی و بەمافێکی خۆی زانی کە کۆمەڵەیەك دابمەزرێنێ و لە ڕێگای ئەو کۆمەڵەیەوە بتوانێ داکۆکی لەمافەکانی خۆی بکات و خۆی بە خەڵك و دەوروبەر بناسێنێ.

ڕێگای کوردستان: بەکێ دەوترێ کورتەباڵا؟

دڵشاد قادر: بەو کەسە دەوترێ کورتەباڵا کە نیشانەکانی پێوەدیاربێ و ئەو نیشانەیەش خۆی لەخۆیدا دیارە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی ئێسکە نەرمە (کوساح) ئەو مرۆڤە کە لەدایك دەبێ بەشێوەیەکی سروشتی گەشەناکات لەبەرکەمی هۆرمۆن، بۆیە بەشێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ گەشەدەکات و ئەو باڵایەی ناگاتە ئەو پێوانەیەی کە وەکو مرۆڤی ئاسایی گەشەبکات.

ڕێگای کوردستان : ڕێژەی ئەندامانی کۆمەڵەکەتان چەندە؟

دڵشاد قادر: ناتوانم ئامارێکی وردت بدەمێ، بەڵام لە سنوری ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ کورتەباڵا دەبێ،

ڕێگای کوردستان: تاچەند توانیوتانە موچە بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەکەتان دابین بکەن؟

دڵشاد قادر: هەوڵێکی جدیماندداوە لە ساڵی پار لە مانگی تەمموز لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ئەوانەوە و لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی توانیمان موچە بۆ تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان دابین بکەین لە هەولێر ودهۆك، بەڵام دیارە ئێستا بڕیارێکی تر دەرچووە کە بەهەوڵی ئەنجومەنی کۆمەڵەکان کە منیش یەکێکم لەو ئەنجومەنە هەوڵماندا کە تەواوی کەم ئەندامان نەك هەر کورتەباڵا، بەڵکو موچەکە هەموویان بگرێتەوە وەکو پارێزگای هەولێر و دهۆك، لە پارێزگای هەولێرو دەورو بەر ٤٣٥ ئەندامان هەیە نزیکەی ٢٠٠ ئەندامان هەیە لە پارێزگای دهۆك، سەبارەت بەو ئەندامانەی کە موچە وەردەگرن واتا فەرمانبەرن لە دام ودەزگاکانی حکومی ئەوانە تەنها ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دینار وەردەگرن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن کە موچەخۆرن ژمارەیان نزیکەی ١٥ تا ٢٥ ئەندام دەبن ئەوانەی موچەیان نیە ئەوان ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار وەردەگرن.

> **باشترە کورتەباڵا لەگەڵ کورتە باڵا هاوسەرگیری ئەنجام بدات، چونکە زیاتر هەست بەئێش و ئازاری یەکتر دەکەن و لەڕووی دەروونیشەوە هیچ کامیان خۆی لەویتر بەزیاتر نازانێ.**

ڕێگای کوردستان : لە کۆمەڵگای ئێمە تاچەند ڕێزلە کەم ئەندام دەگیرێ ومافی دابین دەکرێ ؟

دڵشاد قادر: کۆمەڵگا تائاستێك هۆشیاربۆتەوە و هەست بە ئێش و ئازارەکانی کەم ئەندام دەکات ئەمەش لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانو چالاکی ڕێکخراوەکان توانیومانە لەهەموو چین وتوێژەکان خۆمان بە دەوروبەر بناسێنین و تواناو بەهرەکانمان بەیان بکەین بۆخەڵك، کە کەسی کەم ئەندام یان کەسی کورتەباڵا هیچی کەمترنییە لە ڕووی هۆش و بیرەوە لەکەسێکی ئاسایی، چونکە مرۆڤ بە هۆش وبیر پێوانە دەکرێ نەك بە جەستە.

ڕێگای کوردستان : هیچ کاتێك بووە خەڵکانێك هەستی تۆبریندارکەن بە وشەیەك یان شێوازێك لە شێوەزاەکانی گاڵتەجاڕی؟

دڵشاد قادر: مەسەلەی هەست بریندارکردن دەگەڕێتەوە سەر قۆناغی تەمەنی مرۆڤ، لەتەمەنی منداڵی زۆرجار هەستمان بریندار کراوە لە نێو بازاڕبووە یان لەنێو کوچەو کۆلانی گەڕەکەکان بووە، بەڵام من ئێستا وەکو کەسایەتی خۆم ئەو شێوازە هەست بریندارکردنە بە توانجبێ یان هەرشێوازێکی تر بەرامبەرمان ئەنجام بدرێ، پێموانییە کاریگەری بکاتە سەر هەستمان، چونکە دەبێ ئێمە زۆر لەوشتانە گەورەتربین و خۆڕاگرتربین، ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بەخۆی هەبێ دەبێ بەسەر ئەوشتانەدا زاڵبێ و نابێ کاریگەری لەهەستی بکات.

ڕێگای کوردستان: زیاتر بەچ وشەیەك یان شێوازێك هەستتان بریندارکراوە؟

دڵشاد قادر: مەسەلەی وشە چییە بۆنمونە بە تێڕوانینی سەیر نەك هەر منداڵەکان بەڵکو گەورەکان جاری واهەبوو لە منداڵەکان خراپتربوون زۆرجار بە کۆلانەکان دادەڕۆیشتین دیقەتیان دەداینێ و پێدەکەنین لەوانەیە وتەی ناشرینیشیان وتووە، بەڵام ئیدی ئەوە ڕۆژگارە مرۆڤ دەبێ بەهێزبێ و خۆڕاگربێ بەرامبەر بەوشێوازانە، سوپاس بۆخوای گەورە ئەوشتانە کارمان تێناکا لەوەتەی ئەو کۆمەڵەیەمان هەیە ماوەی ١٥ پانزە ساڵە توانیومانە خۆمان بەهەموو خەڵکی دونیا بناسێنین و خەڵکیش تا ئاستێك هۆشیاربۆتەوە، ئەگەر هەر شێوازێك شازبوو بەسەیرەوە تێی دەڕوانی، تا لەنێو کورتەباڵاکان لەوانەیە پێشتر نەیتوانیوە وەك پێویست دەربچێت بۆ نێو بازاڕ بۆشوێنە گشتییەکان بەڵام دوای دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە و چەندین کورتەباڵای لێ کۆبۆوە هەستی کرد کەسانێکی زۆرهەن وەکو ئەو تەنها ئەوەنییە ئەو شێوازەی هەیە ئەویش هەستی گۆڕا و ئێستا زیاتر بڕوایان بەخۆیان هەیە و زیاتر دەچنە نێو خەڵك.

ڕێگای کوردستان: لە ڕووی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری تەنها دەبێ کورتەباڵا لەگەڵ کورتەباڵا هاوسەرگیری بکات؟

دڵشاد قادر: مەسەلەی هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە سەر ڕەزامەندی هەردوو لایەن هیچ شتێك ڕێگرنییە بۆئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە جا کورتەباڵابێ یان باڵادرێژبێ، ئەوەی لێرە پێویستە و پێمان باشە زیاتر کورتە باڵا لەگەڵ کورتە باڵا دەگونجێ، چونکە پێموایە کەسێکی ئاسایی لەگەڵ کەسێکی کورتەباڵا هەندێك زەحمەتە گونجانی هەر لە ڕووی دەروونییەوە بەراستی بۆئەوەی زیاتر ئەوانە هاوسەر گیریەکەیان ڕێکوپێك و پتەوتربێ باشترە کورتەباڵا لەگەڵ کورتە باڵا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات چونکە زیاتر هەست بەئێش و ئازاری یەکتر دەکەن لەڕووی دەروونییەوە هیچ کامیان خۆی بەسەر ئەویتر بەزیاتر نازانێ.

# ژیان لەئەوروپا و لەکوردستان چۆن دەگوزەرێت؟

شۆخان فەرەج

مرۆڤ و ژیان تەواوکەری یەکترن، دەتوانین بلێین عاشق و مەعشوقی یەکترن، مرۆڤ بەبێ خواستی خۆی بەناچاری بەرامبەر بەژیان بێوەفا دەبێت و لە خۆشەویستەکەی دووردەخرێتەوە، بەڵام ژیان هەتا تەنیا یەك مرۆڤ بمێنێت ئەوا هەربەردەوام دەبێت. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کەمرۆڤ چۆن لەناو ژیاندا دەژی لەو ماوەیەی کەپێکەوەن؟

مرۆڤی هەر قارەیەك هەر وڵاتێك هەر ناوچەیەك وەربگرین تێڕوانین و بیرکردنەوەی جیاوازی هەیە بەرامبەر بەژیان، هۆکاری ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو یاساو سیستەمەی کە لەهەر وڵاتێکدا هەیە.

ئەگەر بێین لەنێوان کورد لەباشوری کوردستان و کوردی وڵاتانی ئەوروپیدا بەراوردێك بکەین ئەم جیاوازییانە بەدیدەکەین، کورد لەباشور هەمیشە کاردەکەن و خۆیان هیلاك و ماندوو دەکەن بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ژیانێکی خۆشیان هەبێت، لەداهاتوودا باشتر بژین، خەڵکی ئەوروپی کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەمڕۆ خۆش بژین، یاخود بەداهاتی ئەمڕۆیان ژیانێکی خۆش بۆ شەمەو یەك شەمەیان دابین بکەن. دەکرێت بپرسین بۆ ئەوان ژیانێکی باشتریان هەیە لەژیانی کورد لەباشور؟ لەکاتێکدا خەڵکی هەژاری کوردستان هەمیشە لەهەوڵدان و بیر لەداهاتووشیان دەکەنەوە، ئەمە بیرکردنەوەی عاقڵانەی دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەیە کەوایکردووە سیستەمێك دابڕێژن بەتەواوی ژیانی مرۆڤەکان بپارێزن بەبێ جیاوازی چین و توێژەکان، خەڵکی ئەوروپی بۆ ئەمڕۆیان کاردەکەن، چونکە دەزانن داهاتووی ئەوان پارێزراوە، ئەگەر ئەمڕۆیان وەستاو توانای کارکردنیان نەما، یاخود تووشی نەخۆشییەك بوون، یاخود هەر کارەساتێکیتر ڕوویدات ئەوان پێویستییان بەوە نییە پارەیەکی کۆکراوەیان هەبێت و بۆ ئەمڕۆی وەستاویان سوودی لێ ببینن، پێویستیان بەوەنییە لەڕابردوودا خۆیان هیلاك بکەن بۆ ئەمڕۆی ناخۆش پاشەکەوتێکییان هەبێت. چونکە حکومەتەکەی هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین کردووە. بەشێوەیەك ڕێز لەنەخۆش و پیرو پەککەوتەو منداڵ دەگیرێت، کەپێویستی بەهیچ کەسێك نەبێت هاوکاریی بکات، ئەو سیستەمەی لەئەوروپادا هەیە وا لەو کەسانە دەکات هێندەی تر ژیانیان لا خۆشەویست بێت. لەکوردستانیش دەبێت هەتا دەتوانیت کار بکەیت و نیوەی داهاتەکەت بۆ داهاتووت لابدەیت، چونکە کەتووشی نەخۆشی بوویت لەوڵاتی ئێمەدا، لەگەڵ هەموو ئێش و ئازارەکانی خۆتدا و باری ئابوریش هێندەیتر خەمەکانی سەرشانت قورستر دەکات و وەهات لێدەکات لەژیانی خۆت بێزاربیت. دەچیتە هەر عەیادەیەکەوە دەبێت کۆڵێك پارەش لەگەڵ خۆتدا بەریت، هەرچی ڕێز بڵێی لەنەخۆش ناگیرێت، تەنانەت دەگاتە ئەوەی قیژەش بەسەر نەخۆشدا بکرێت، ئەمە جگە لەقسەوباسی کۆمەڵگاکەش، کەهەر یەکەو بەچاوێکی کەم و بەزەییەوە تەماشای نەخۆش و خەڵکانی بەتەمەن دەکەن.

جیاوازییەکی تر ئەوەیە کە لەلای ئێمە ژنو مێردێك کۆمەڵێك منداڵی بێ بەرنامە بەرهەم دەهێنن لەئەنجامی لێکدانەوەیەکی سەقەت ، چونکە دایکان و باوکان وابیردەکەنەوە گوایە منداڵی زۆر بۆ کاتی پیری باشەو بەخێویان دەکەن، کەچی ئەوەی دایك و باوك بیری لێدەکەنەوە وادەرناچێت، هەروەکو چەندەها حاڵەتی ناخۆش دەبینینو دەبیستین منداڵ کە گەورە دەبنو دەبنە خاوەن خێزان ڕێز لەبەتەمەنیو ئەو هەموو خزمەتو شەونخونیەیان ناگرن ئەو خاڵەی کەدرووستکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بەو شێوەیەو بەڕێکردنی ژیان بەو شێوەیە حکومەت و پارلەمان لێی بەرپرسن، ئەرکی سەرشانی بەرپرسانە کە ئەو سیستەمە نارێکەی کە لەکوردستاندا هەیە بیگۆڕن و ژیان بەشێوەیەکی تر نیشانی خەڵکەکەی خۆیانی بدەن. هەموومان دەزانین کەئەو بودجەیەی هەرێمی کوردستان هەیەتی دەتوانرێت گۆڕانکاریی گەورەی پێبکرێت، ئەگەر بەرپرسانەو دڵسۆزانەو خەمخۆرانە بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن، چیتر سەروەت و سامانی میللەت بەهەدەر نەچێت و لەپێناوی خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی خۆیان بەکاری بهێنن، سیستەمێك و یاسایەك دابڕێژن، کە مرۆڤێك پێویستی بەیارمەتی مرۆڤێکیتر نەبێت و پێداویستییەکانیان بەباشترین شێوە بۆ دابین بکرێت.

## دیاردەی هاوسەرگیری ژن بە ژن و حیکایەت و مەرگەساتەکانی

# کچێك: ئەو برایەی بۆی بەژن چووم ئێستا نەك بیرم لێ ناکاتەوە، بگرە هەواڵیشم ناپرسێ

**دیاردەی ژن بە ژن دیاردەیەکە تا چەند ساڵێك پێش ئێستا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەبوو، ئەم دیاردەیە چەندین ڕووداوی خەماوی بە دوای خۆیدا جێ هێشتووە و هۆکارەکەیشی لە ئەنجامی نەزانین و بیر نەکردنەوە بووە، ڕێگای کوردستان لە گەرمیان چەند ئافرەتی لەوبارەوە دوواند:**

م. شەیما جەمال ــ گەرمیان



(خدیجە جەلیل)ی تەمەن (٣٥) ساڵ وتی "لەو سەردەمەی کە من درام بە ژن بۆ برایەکم هووشیاری کۆمەلایەتی لەئاستێکی نزم دابوو بیر لە دوا ڕۆژی منیش نەکرایەوە"، ئەو وتی کەوا براکەم تەنها لەپێناو گەیشتنی بە ئاواتی خۆی، لەگەڵ باوکمدا هەستان بە شوودانی من بۆ برای ئەو کچەی کە براکەی من حەزی لێ دەکرد، بێ ئەوەی بزانن کە من ڕازیم یا نا، بێ ئەوەی بیر لە دوا ڕۆژی من بکەنەوە، ئێستا من بێوەژنم و لە پیاوەکەم دابڕاوم و براکەم بیری لەمن نەکردەوە، بۆیە ئاوام بە سەر هات، هۆکاری لە یەك جیابونەوەکەیشمان تەنها ئەوە بوو کە مێردەکەم پێ دەوتم تۆ لەجیاتی ژن خووشکەکەم بە من دراوی دەبێ هەر چیم وت بە قسەم بکەی، براکەم و ژنەکەشی ئێستا بۆ خۆیان دەژین و منیش لە ماڵی باوکمم" .

> **کچێك: لەو کاتەی کە تەمەنم منداڵ بووە بۆ کپکردنەوەی شەڕی بنەماڵەکەمان و بنەماڵەیەکی تر هەستاون منیان داوە بە کوڕێکی ئەو ماڵەو ئەو ماڵەش کچێکیان داوە بە براکەم، ئێستا من بێوەژنم.**

(ڕێژاو نەسرەدین)ی تەمەن (٤٤) ساڵ فەرمانبەر لەیەکێك لە دام و دەزگاکانی کەلار و خاوەن (٢) منداڵ کە ئەویش یەکێکە لەو دەیان ئافرەتانەی بەهۆی پرۆسەی ژن بەژنییەوە لەناو گێژاودا دەژی وتی کەوا من لە پیاوەکەم بۆ ماوەی ٧ ساڵە جیابومەتەوە و لەگەڵ دوو منداڵەکەم دەژیم، هۆکاری جیابونەوەکەیشم ئەوە بوو کە ئەو کات ماڵمان لە گوندبوو، باوکم لەگەڵ هاوڕێیەکی هەستابوون بە ژن بە ژنکردنی من و کچی هاوڕێیەکەی باوکم بۆ براگەورەکەم، ئەو کات من منداڵ بووم و بەو تەمەنەوە منیان دەست نیشان کردبوو بۆ کوڕی ئەو پیاوە، بۆیە دوای گەورە بوونم و کاتی ئەوە هات منیان دابەو کوڕە، دوای نزیکەی ٣ساڵ پێکەوە ژیان ئەنجا لێك جیابوینەوە و ئێستا منیش ژیانی خۆم ناوە بان ئەو دوو منداڵەو لەگەڵ ئەو دوو منداڵەدا دەژیم و براکەشم نەك بیرم لێ ناکاتەوە بگرە هەواڵیشم ناپرسێ، بۆیە من داواکارم لە دایك و باوکان بە ژن بەژن ژیانی منداڵەکانیان نەشێوێنن و کچانیش بەو دیاردەیە شوونەکەن بە کوڕان.

(ئیلهام حەسەن) تەمەن (٢٩) ساڵ ئەو ئاماژەی بەوەدا "من ئێستا قوتابیم و لە قوناغی٣ زانکۆدام و تا ئێستا شووم نەکردووە و چەند کەسێکیش هاتونەتە خواز بێنیم بەڵام دوا کات بۆیان دەرکەوتووە کە من بە هۆی ژن بە ژنەوە تەڵاق دراوم، لە خوازبینیەکەم پەشیمیان بونەتەوە، من لەو کاتەی کە تەمەنم منداڵ بووە بە هۆی شەڕی نێوان بنەماڵەکەمان و بنەماڵەیەکی تر بۆ کپ کردنەوەی ئەو شەڕە هەستاون منیان داوە بە کوڕێکی ئەو ماڵەوە و ئەو ماڵەیش کچێکیان داوە بە براکەم، لەبەر ئەوەی ئەوان تەمەنیان وەك یەك بووە، هەر ئەو کاتە زەواجیان کردووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی من منداڵ بووم نەدراوم بەو کوڕە، تا کار گەیشتە ئەوەی کە من گەورە بووم و دوای ماوەیەك مارەم بڕا لە کوڕەکە، بەڵام زۆری پێنەچوو بە حوکمی ئەوەی من لە زانکۆ وەرگیرام، کوڕەکە پێ قبووڵ نەبوو و منیش دەستبەرداری خوێندنەکەم نەبووم، بۆیە تەڵاقی دام و لێم جیابویەوەو منییش بوومە قوربانی دیاردەی ژن بە ژن ".

(ڕۆژین خەلیل) توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا "دیارە نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی تەواو کە تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆشنبیر بکاتەوە لەوەی کە دوور بکەونەوە لە دیاردەیەکی وەها ترسناك لە ترسی شێواندنی خێزانەکان و لەناوچوونی شەرەف و کەرامەتی بنەماڵەکانی لێدەکەوێتەوە" ، دیاردەی ژن بە ژن زۆر جار زیانەکانی ئەوەندە گەورەنە حاڵەتی کوشتن و برینداری لێ دەکەوێتەوە، ئەمەیش تەنها لە ئەنجامی نەبوونی زانیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بووە، بۆیە ئێستا خۆشبەختانە وا بۆماوەی چەند ساڵێك دەچێ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و زانیاری گشتی دەربارەی ئەو دیاردەترسناکە ڕوو لە کزبوون و نەمانە، ئەمە نەك تەنها لە شارەکان، بەڵکو لە گوندەکانیش ڕوو لە نەمانەو خەڵك هووشیار بۆتەوە کە ئەو کردەوەی زیان بە خانەوادەکەی دەگەیەنێ خوی دوور دەگرێت لە هاوسەرگیری ژن بە ژن .